ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

Gender Studies and Information Organization (GSIO)

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

# راپۆرتی چالاكیەكانی

# ڕێكخراوی لێكولینەوە و زانیاریەكانی جەندەر

# هەولێر

# راپۆرتی چالاكیەكانی ڕێكخراو بۆ ساڵی 2022

## زانیاری گشتی:

ڕێکخراو مۆڵەتی یاسایی وەرگرتوە بە پێ فەرمانی ئەمیند ا ریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران لە بغداد بە ژمارەی (1075356) لە ڕێکەوتی 9-5-2012. وە مۆڵەتی یاسایی ڕێکخراو لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان ژمارە ی تۆمار (134 - گ) بەرواری دەرچوونی بەڵگەنامەی تۆمار:26-3-2013.

ئامانجی ڕێکخراو ناساندن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری گشتی دەربارەی یەکسانی جەندەری و بنەماکانی ماف مرۆف, ڕێکخراوی لێکولینەوە و زانیاریەکانی جەندەر ڕێکخراوی نا حکومییە و قازانج نەویستە و سەربەخۆیە , و تایبەتە بە کێشەکانی جەندەر و ئافرەت و کاردەکات لە پێناو چەسپاندنی دیموکراسی و بلاوبونەوەی یاسا و بنیادنانی کۆمەلگای مەدەنی , لە ڕێگای جێبەجێکردنی بەرنامە و پرۆژە کان.

وە ڕێکخراو ئەندامە لە چەندین تۆر لەمانە:

1. تۆری چاودێری کردنی مافی مرۆف لە کوردستان.
2. تۆری ڕۆژ بۆ چاودێری کردنی هەلبژاردن.
3. تۆری ماف بۆ یاسای ڕێکخراوە نا حکومیەکان.
4. تۆری دادپەروەری بۆ زیندانیان لەسەر ئاستی عیراق.
5. تۆری نا بۆ توندو تیژی لە کوردستان.
6. پالاتفۆرمی نا بۆ شێواندنی کۆئەندامی زاوزێ مێینە.
7. منسقی هەولێر بۆ گروپی UPR.
8. ئەندام لە تۆری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ.

9. ئەندام لە گروپی ژیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان.
10. ئەندام لە گروپی (مرۆڤ ) بۆ چاودێریکردنی پێشلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە عیراق.
11. ئەندام لە تۆری هۆشیاری هەلبژاردن لە پارێزگای هەولێر.
12. ئەندام لە گروپی تۆربەندی بریاری 1325 لەسەر ئاستی عیراق.
13. ئەندام لە تۆری پاریزگارانی مافی مرۆڤ لە سەر ئاستی عیراق.
14. بەرێوبەری تۆری دەنگی ژنان بۆ ژنان .
15. ئەندام لە تۆری بەلێ دەتوانم بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت لە عیراق.

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

## گرنکترین چالاکیەکانی ڕێکخراو لەساڵی 2022

لەسالی 2022 ڕێکخراومان چەندین پرۆژە و چالاکی لەبواری جیاواز ئەنجامدا وە لە گرنگترین ئەو پرۆژانەی کە جێبە جێکرا بەگشتی ئەمانە بوون :

1. ڕێکەوتی 6-2-2022

لە میانەی چالاکیەکانی ڕێکخراو وە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربونەوەی خەتەنەکردنی مێینە وە بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی IFMSA وە قوتابیانی کۆلیژی پزیشکی لە زانکۆی کوردستان و لە مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیەتی ئافرەتانی کوردستان وە بە ئامادەبوونی ئەندامانی سکرتاریەت و 70 ئافرەتی بەشداربووی خولی دوورمان . سیمناری تایبەت بە خەتەنەکردنی مێینە و ئامارەکانی خەتەنە لە کوردستان و زیانەکانی خەتەنە لە ڕووی تەندروستی و کۆمەلایەتیەوە , دواتر دابەش کردنی دیاری ڕێکخراومان بەسەر بەشداربووان.










## 2-رێكەوتی 7-2-2022

**وەك ئەندامی هاوپەیمانی ژنانی كوردستان سەردانی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستانمان كرد بەرێز ( د. رێواز فایق ) ,  باس لە بابەتی توند تیژی دژ بە ئافرەتان و رێكخراوەكانی تایبەت بە ئافرەتان و چالاكوانانی ئافرەت دەبنەوە لە كوردستان  وە پەیپەرێكی فراوان سەبارەت بە پێشنیاری هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی توند و تیژی خێزانی لە بری دەرچوونی یاسایەكی نۆی وە بریاری 398 لە یاسای سزادانی عیراقی ساڵی 1969 پێشكەش بە سەرۆكی پەرلەمان كرا كە بە خۆشحالیەوە سەرۆكی پەرلەمان هاورا بوو لەگەڵمان بەلێنی دا كەوا سەرنج و پێشنیارەكان بگەینێتە لێژنە پەیوەندیدارەكانی پەرلەمان و لە سنوری دەسترۆیە یاساییەكانی خۆیاندا پشتیوان و هاوكارمان بێت لەسەركەوتنی پرۆژە و كارەكانماندا.**






**3- ڕێکەوتی 2022-3-8 تا 2022-3-12**

**خولی راهێنان بۆ 27 پارێزەر دەربارەی مافی مرۆڤ و ڕێکەوتنامە دولیەکان وە ئەو کێشانەی کە روو بەرووی ئافرەتان و نەوجەوانان دەبنەوە , ئەم پرۆژەیە لە بەرێوبەرایەتی چاکسازی ئافرەتان و نەجەوانان لەهەولێر جێبەجێدەکرێت بە هاوکاری ڕێکخراوی MLI- JGF لە پرۆژەی ( Restoring Life) کە ڕێکەوتی 2022-1-1 تا 2023-12-31 .**

**لە ڕێگای نۆرینگەی یاسایی کە لەلایەن ڕێکخراوەکەمان جێبەجێدەکرێت کە تیدا پارێزەران بەدواداچوونی یاسایی بۆکێشە یاساییەکانی ئافرەتان و نەوجەوانانی راگیراو دەکەین .**

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية











**1- ڕێکەوتی 2022-3-8**

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية

بەبۆنەی رۆژی جیهانی ئافرەتان وە بەبەشداری ئەندامانی رێکخراوەمان و گروپی هاوپەیمانی  ژنانی کوردستان گردبونەوەی هاوپەیمانی ژنانی کوردستان  کە پێکهاتوون لە کۆمەلەك لە چالاکوانانی ئافرەت و رێکخراوەکانی بواری ئافرەت و کەسایەتیەکان , بۆ داواکاری لە حکومەتی هەرێم کە ئەو توند و تیژیانەی کە بەرامبەر ئافرەتان دەکرێت وە هەروەها کوشتنی ژنان بە بیانووی ناموس و جێبەجێکردنی یاسا و سزادانی تاوانباران .



## 5- رێکەوتی  14و 15 -4-2022

لە رۆژانی 14-15 نیسان لە شقلاوە کۆبونەوەی  هاوپەیمانی ژنانی کوردستان  بە ئامادەبوونی ئەندامانی هاوپەیمانی کۆبونەوەی ئاسایی خۆی گرێدا بەمەبەستی کارکردن  لەسەر چەند پرس و بابەتێکی گرنگ کە بەربەستی بەردەم رێکخراوەکانی

ئافرەتانن بۆ کارکردن  لە پرۆژەکانیان . تەوەری سەرەکی کۆبونەوەکە گفتوگۆکردن بوو لە بارەی ( گوتاری رق و کینە و ئەو هێرشانەی دەکرێتە سەر رێکخراوەکانی بواری ژن و چۆنیەتی و میکانیزمی روو بە روو بونەوە یان وە هەماهەنگی لەگەڵ کەنالەکانی راگەیاندن  لە پێناو ئەوەی دووربکەونەوە  لە هروژاندنی بابەتەکانی تایبەت بە دۆزی ژن وە رەچاوکردنی بەرپرسیارەتی کۆمەلایەتی . لە کۆتایی دا ئامادەبوانی کۆبونەوەکە بە گفتوگۆی تێر و تەسەل  و خستنە روو گرفت و کێشە و بەربەستەکان و دیارکردنی چەند تەوەرێك بۆ کارکردن لە داهاتودا. هاوپەیمانی ژنانی کوردستان  پێکهاتووە لە 40 ئافرەتی چالاکوان و کەسایەتی دیاری بواری  ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان .







## 6- ڕێکەوتی 5 -6-2022

بەشداریکردن لە کۆبونەوەی ڕێکخراوە هاوبەشەکان لەگەڵ ڕێکخراوی INTERNEWS دەربارەی پرۆژە جێبەجێکراوەکان لە لایەن ڕێکخراوەکانی جێبەجێکار وە چۆنیەتی بە دواداچون بۆ هەڵمەتەکانیان  کە ئەنجامیان دابوو وە ڕێکخراومان یەکێك بوو لە و ڕێکخراوانەی کە هەڵمەتی هەڵوەشانەوەی مادەی 398 لە یاسای سزادانی عیراقی ژمارە 111 ساڵی 1969 جێبەجێکرد . کە پێشکەش بە پەرلەمان کرا بەمەبەستی تاوتۆی کردنی و هەڵوەشانەوەی ئەم مادەیە .










## 7- ڕێکەوتی 11 -6-2022

**ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر**

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

**منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية**

**بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ( راوێژکاری بۆ گفتوگۆ دەربارەی پرۆسەی گۆرینی یاسا و تاوتوکردنی رێگاکانی ) لە میانەی پرۆژەی ( هاوکاری نێونەتەوەیی بۆ بەهێز کردنی یەکسانی و مافی مرۆڤ لە کوردستان - لە نێوان سوید و کوردستان 2020-2022 ) لە پانێلی رێکخراوەکانی ژنان بەشداربووم بە بابەتێك دەربارەی گۆرینی یاساکان لە کوردستان وە چۆنیەتی بەرێەوە بردنی هەڵمەتەکان وە گرنکترین یاساکانی کە گۆراوە لەبەرژەوەندی ئافرەتاندیە .**








**8- رێکەوتی 29- و 30 -6-2022**

**کۆبونەوەی هاوپەیمانی ژنانی کوردستان لەگەڵ ڕێکخراوی میدیکا موندیال بەمەبەستی بەرنامەیەکی ئاڵوگۆر و بە هێزکردنی بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان وە سود وەرگرتن لە توانا و ئەزموونیان لە بواری مافی ئافرەتان .کۆبونەوەکە لەرێکەوتی 29-و30- حوزەیران لەشقلاوە ئەنجامدرا.**






**9- رێکەوتی 2022-8-18**

**سەردانیکردنی بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی خێزانی بەمەبەستی پیرۆزبایکردن لە بەرێز خاتوو ( فێنك شفیق ) بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەکو بەرێوبەری گشتی بەرێوبەرایەتیەکە وە چۆنیەتی هەماهەنگی و هاوکاری هەردوولا بۆ پێشکەشکردنی خزمەتی زیاتر بە ئافرەت و خێزان .**

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية




## 10- ڕێکەوتی 28 -9-2022

کۆبونەوەی دەستەی کارگێری ڕێکخراو بە ئامادەبوونی ئەندامانی دەستەی کارگێری وە لە کۆبونەوەکەدا باس لە پرۆژە جێبەجێکراوەکانی ڕێکخراو وە راپۆرتی دارایی و چالاکیەکانی ڕێکخراو باسکردنی بەربەستەکان کە ڕوو بەرووی دەبینەوە وە لە کۆبونەوەکە دەستەی کارگێری ڕێکخراو هەلبژێردرا وە ئەرکەکان لەسەر ئەندامانی دەستە دابەشکرا .








**11- رێکەوتی 29 -9-2022**

**سەردانیکردنی دادگای هەولێر وە  چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند دادوەرێکی بەرێز بەمەبەستی  بەدواداچون بۆ کێشەکانی راگیراوی ئافرەتان و نەوجەوانان لە چاکسازی ئافرەتان نەوجەوانان لە هەولێر کە لەرێگای نۆرینگەی یاسایی لەلایەن رێکخراومان سەرپەرشتی دەکرێت بە هاوکاری رێکخراوی  MLI- JGF  لە پرۆژەی ( Restoring Life) .**





**12- رێکەوتی 26 -10-2022**

سەردانیكردنی دادگای مصیف صلاح الدین لە پیرمام بەمەبەستی هەماهەنگی و هاوكاری و بەدواداچون بۆ هەندێك كێشە وە كۆبونەوە لەگەڵ دادوەر سمكۆ احمد وە بەداواچون بۆكیشەی ئافرەتێك وە چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشەكان لە لایەنی یاسایی و كۆمەلایەتی بە هاوكاری رێكخراوی **MLI- JGF** لە پرۆژەی **( Restoring Life)** .



## 13- رێكەوتی 27 -10-2022

سەردانیكردنی بەرێوبەرایەتی چاكسازی ئافرەتان و نەوجەوانان لە هەولێر وە چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرێوەبەری چاكسازی بەرێز ( تەیب محمد ) بەمەبەستی هەماهەنگی و هاوكاری هەردوو لا بۆ كردنەوەی بازارێكی خەیری بۆ ئافرەتە حكومدراوەكانی ناو چاكسازی .

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

Gender Studies and Information Organization (GSIO)

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية



**14- رێکەوتی 1و 2 -12-2022**

ئەنجامدانی کونفرانس بۆ ماوەی دوو رۆژ بە هاوکاری رێکخراوی **NPA** و تۆری پێکهاتەکانی عیراق لە پرۆژەی پەرەپێدانی مافی کەمینەکانی عیراق بۆ گەیشتن بە معاییرە دولیەکان بە ئامادەبوونی **70** کەسایەتی لە ئەندام پەرلەمان و نۆینەرایەتی وەزارەتی ئەوقاف و کەسایەتی ئاینی جیا لە کوردستان و کەسایەتی ئەکادیمی لە مامۆستایانی زانکۆ و راگەیاندن و نۆینەرانی رێکخراوە ناحکومیەکان و نۆینەرانی کەمینەکان .






GSIO






**ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر**

**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

**منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية**



## 15- ڕێکەوتی 10 -12-2022

**بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی مافی مرۆڤ بەشداریکردنی ئەندامانی هاوپەیمانی ژنانی کوردستان لە گردبوونەوەی ئەندامانی هاوپەیمانی لە هەولێر بەمەبەستی داواکاری لە حکومەتی بۆ ئەوەی تدخل بکات لە کەمکردنەوەی توند و تیژی دژی ئافرەتان و سزادانی تاوانباران و جێبەجێکردنی یاسا .**





**ريكخراوى لێكۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر**


**Gender Studies and Information Organization (GSIO)**

**منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية**













**16- ڕێکەوتی 10 -12- 2022**

**کۆبونەوەی ئەندامانی هاوپەیمانی ژنانی کوردستان لەگەڵ بەرێز ( د. ڕێواس فایق )سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەرێز ( د. خانزاد احمد ) سەرۆکی ئەنجومەنی پەرەپێدانی خانمان , بەمبەستی هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ئەو بارودوخەی کە رووی بە رووی چالاکوانان و ئافرەتان دەبنەوە لە کوردستان وە جێبەجێکردنی یاسا و سزادانی تاوانباران .**

ریکخراوی لێکۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر
Gender Studies and Information Organization (GSIO)
منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية




17- ڕێکەوتی 15 -12-2022

سەردانی کردنی دادگای هەولێر وە کۆبونەوە لەگەڵ بەشێك لە دادوەران بەمەبەستی هەماهەنگی و هاوکاری و بەدواداچوونی کێشەکان بە هاوکاری ڕێکخراوی MLI- JGF لە پرۆژەی (Restoring Life ) .




ريكخراوى لێكۆڵینەوەو زانیاریەکانی جەندەر

Gender Studies and Information Organization (GSIO)

منظمة الدراسات والمعلومات الجندرية



بەسەرپەرشتی بەرێوەبەری رێکخراو

رمزية عبدالوهاب امين زانا